گرفتی سەدان خوێندکاری ماستەرو دکتۆرای هەرێم کەوەك وانەبێژ دامەزراون چارەسەر کران



وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، گرفتی سەدان خوێندکاری ماستەرو دکتۆرا چارەسەر دەکات کەوەك وانەبێژ دامەزراون، رەزامەندی وەرگیراوە دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان کارەکانی بەگرببەستکردن و دەستبەکاربونیان بێ ئەنجامبدرێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەسەر داواکاری بەردەوامیان بێ وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، گرفتی سەدان خوێندکاری خوێندنی باڵا/ ماستەر، دکتۆرا چارەسەرکرا، کەوەك وانەبێژ فەرمانی دامەزراندنیان بێ دەرچوە.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەسەر راسپاردەی د. ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، "سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندیدا لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی کەبەگرببەست دامەزراون وەك وانەبێژ و لەئستادا خوێندکاری خوێندنی باڵان وەك ماستەر یاخود دکتۆرا، مافیان پارێزراو دەبێت و لەخوێندن بەردەوام دەبن تاوەکو تەواوکردنی قۆناغی خوێندنەکەیان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، هەر لە فەرمانە وزاریيەکەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا هاتوە، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان ئەکارەکانی بە گرێبەستکردن و دەستبەکاربونیان بە ئەنجامەدرێت بەو مەرجەی بەکرداریکی وانەبێژ بوبن و مەرجەکانی دامەزراندیان بە گرێبەست تێدابێت، واتە لە یەککاتدا هەردو مافی خوێندن و دامەزراندنیان پارێزراو دەبێت.